
وەزارەتی دەرەوە:بەردەوامین لە هەوڵی دیپلۆماسییەکانمان بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی هەموو عێراقییەکان



ئەمڕۆ هەینی، وەزارەتی دەرەوە بەدەوامبوونی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی هەموو عێراقییەکان و بەئەنجامگەیاندنی وێنەی عێراق وەکو وڵاتێکی خاوەن شارستانییەتێکی قووڵ دووپات کردەوە .

فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق، لە بیانناممەیەکدا ڕایگەیاند: لە یادی 99 ساڵەی دامەزراندنی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، پێزانینی گەرم ئاراستەی دیپلۆماتکارانی وەزارەت و سەرجەم کارمەندانی و نوێنەرایەتییە دیپلۆماسی و کونسوڵگەریەکانمان لە سەرانسەری جیهان، و گەلی عێراق و حکومەت و سەرکردایەتی سیاسی دەکەین."

هەروەها ڕاگەیاند "وەزارەتی دەرەوە لە ١٤ی دامەزراندنیەوە لە 23ی تشرینی دووەمی1924، ولەماوەی بەدەیان ساڵی ڕابردوو هەوڵی زۆری داوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی دیپلۆماتی عێراق لەسەر ئاست و گۆڕەپانە جیاوازەکانی جیهان،. لەکی گرنگی هەبووە لە جێبەجێکردنی سیاستی دەرەوەی عێراق و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و ڕووبەڕووی ئاستەنگە زۆر و هەمەچەشنەکان، بەڵام توانی هێز و ئیرادەی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەددایانە و گێشتن بە ئامانجە نیشتمانییەکان لە پتەوکردنی پێوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانی وکولتووری و پەروەردەییەکان و قووڵبوونەوە

ولێکتۆگێیشتن و هاوکاری هاوبەش بسڵمێنێت".

بەپێی بەیاننامەکە وەزیری دەرەوە ئەوەشی راگەیاندووە کە وەزارەت هەوێداوە، لەگەڵی بەشداری چالاکانی لە کۆکراوە نوودەوەتییەکان و کۆنفرانسە نوودەوەتییەکاندا، ئاشتی و ئاسایشی نوودەوەتی بەهێز بکات و بەهاکانی دادپەروەری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بگرێتەبەر.هەروەها کاری کردووە بۆ پشتگیریکردنی دۆزەکانی عەرەبی و ئیسلامی و جیهانی ، و هووبەووی تیرۆر و توندوەوی کە مەترسی لەسەر سەقامگیری ناوچەکە و جیهان دروست دەکەن.

حوسێن جەختی لەوەش کردەوە کە "وەزارەتی دەرەوە بە پاڵپشتی حکوومەت، بە پەرەشەوە کاریان کردووە بۆ گێیشتن بە بڕژەوەندییەکان و پاراستنی سەروەری نیشتیمانی، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی وێنەی عەراق وەک وەاتێکی خاوەن شارستانیەتێکی دێرین و قووڵ".

ئەوەشی خستەڕوو کە لەم بۆنە نیشتیمانیەە بۆنرخەدا، لە کاتێکدا لە یەک ساڵدا خەمان ئامادە دەکەین بۆ یادکردنەوەی سەدەمین ساڵیادی دیپلۆماسی عەراق، بۆیە بۆ گەڵە گۆرکەمان دەدەین کە بەردەوام دەبین لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانمان لە پێناو بەدیهێنانی خواستەکانی هەموو عەراقییەکان بۆ سەقامگیری و گەشەسەندن."